# ئێمە شەرم لە خۆمان ئەکەین بۆ ئەڵمانیا

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: یاسین بانیخێڵانی

ڕوونکردنەوەیەکی ڕاشکاوانە بۆ ئەڵمانییەکان

## لە دە ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هێرشی گاز بۆ سەر شاری هەڵەبجە، ئێمە داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان دەکەین.

Prof. Dr. Roman Herzog- Prof. Dr. Jutta Limbach- Prof. Dr. Rita Suessmuth- Dr. Helmut Kohl
Egon Bahr (SPD) ، Martin Bangemann- Gerhard Baum (FDP) ; Nobert Blum-Friedrich Bohl (CDU) ، Peter Conradi- Rudolf Dressler- Freimut Duve (SPD) ، Josiph Fischer (Buendnis90/Gruen) ، Anke Fuchs (SPD) ، Heiner Geissler (CDU) ، Hans- Dietrich Genscher، wolfgang Getardi، Guid Westerwille (FDP) Gerhard Glowski- Monika Griefhahn (SPD) ، Hildegard Hamm- Brücher- Helmuth Haussmann (FDP) ، Peter Hintze (CDU) ، Burkhard Hirsch- Werner Hoyer- Klaus Kinkel (FDP) ، Hans-Ulrich Klose، Hans Koschnitz- Oskar Lafontaine (SPD) ، Karl. A. lamers (CDU) ، Otto Graf Lambsdorf- sabine Leuthesser- Schnarenberger (FDP) Ingrid Mathaeus_Maier- Wilfried Penner (SPD) Friedbert Pflueger (CDU) ، Juhannes Rau- Annemarie renger (SPD) Guenter Rexrodt (FDP) Volker Ruehe، Juergen Ruettgers (CDU) Rudolf Scharping (SPD) ، Wolfgang Schaeble (CDU) ، Henning Scherf- Herbert Schnoor، Otto Schily (SPD) ، Cornelia Schmalz-Jacobsen- Edzard Schmidt- Jurgen Schmude- gerhadr Schroeder (SPD) Stefan Schwarz (CDU) Heide Simonis (SPD) Carl-Dieter Spranger (CSU) Peter Struk (SPD) Klaus Tepfer (CDU) Guenter Verheugen. Karsten Voigt (SPD) . Antje Vollmer (Buendnis90/Gruene) Richard von Weizaeker (CDU) . Heidemarie Wieczorek-Zeul-Hans Joachim Wieschniewski (SPD) . Mathias Wissmann (FDP) .

هاوپەیمانی تاوانی ئێمە، بەرپرسیاری دەوێت

نکولیکردن و کات بەسەر بردن بەسە

## ئێمە ئەزانین و دانیپێدائەنێین

لە ئازاری ساڵی ١٩٨٨ شارێکی تەواوی کوردی بەچەکی کیمیاوی گازباران کرا. بناغەی ئەو کەرەستە تەکنەلۆژی و زانستەی، کە تاوانی کوشتنی پێکرا لە ئەڵمانیاوە ڕەوانە کرا، کە بووە هۆی خنکاندنی (سی) ژن و منداڵ. (٥٠٠٠) مرۆڤ بەتەنها لەناو شاری هەڵەبجە، کە تەواوی شارەو هەزارەهای تر لە گوندەکانی تری باکوری عێراق بە گازی ژەهراوی تەکنیکی ئەڵمانی و زانستی پرۆژە پیشەسازییەکان لە جێگای خۆیان هەڵکەنران. ڕووداوی ئەم تاوانە تا ئەمڕۆ بە (١٨٢) هەزار مرۆڤ مەزەندە دەکرێت، بە ئەوانەی کوژراون یا بێ سەروشوێن کراون.

## ئێمە لەم سەرزەوییەدا شەرم دەکەین:

لەبەرئەوەی یەکلایەنە لە دەزگایەکی لێپرسراوەیی ئەنجومەنی باڵا (Bundestag) یا پارتێکی سیاسی، یا هەرێمێکەوە بۆ قوربانییەکان و شاری هەڵەبجە هەولێك نەدرا.

ئەم خەمە قوڵە ئێمەی پڕکردووەو لەبەردەم قوربانییەکاندا دەچەمینەوە، لەبەر ئەوەی سەبارەت قەرەبووکردنەوەی ئەو شارە، ئەوانەی کە لەمەرگ ڕزگاریان بووەو خێزانی قوربانییان هیچ نەگوتراوە.

### ئەمە مانای شەرمەزارییەکی گەورەیە بۆ ئێمە

تا ئێستا کارگەو پیشەسازی و ڕەوانەکارانی چەکە کیمیاوییەکان لەلایەن دادگای ئەڵمانیاوە دادگایی نەکراون.

## ئێمە ئامادەین بەو پەڕی پەشیمانییەوە

پاش (١٠) ساڵ ئێمە لە ژێردەستەیی کوردەکان لە لایەن تورکیاوە بە خۆڕایی پڕ چەکمان کردن.

ئەم دۆکۆمێنتبوونە بەهای داڕوخانی زۆرینەی سیاسەتی ئەڵمانیایە لەم سەردەمەدا:

بەوپەڕی ترسناکییەوە ئەم کارەیان ئەنجامداوە، ژیان، زەوی، کێڵگە، گوند، شارەکان ومرۆڤی کورد وێران بکەن.

**تێبینی**

*ناوی ئەو سیاسەتمەدارانەی ئەڵمانیا بۆ توانج نووسراون، باشتر بڵێین: بۆ ڕیسواکردنیان

*ئەمە بەشێکە لە نووسراوێکی درێژ

**سەرچاوە**

Medico International. Kurdistan aktuell. März 1998. Nr. 62

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت